

# مۆبایلێکی تەنک بەقەد بزنس کارت

لەم سەردەمەدا کە ململانێیە لەنێوان کۆمپانیا گەورەکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ بۆ ئەوەی کە نوێترین و بە تواناترین مۆبایل بەرهەم بێنن، هەر لەو نێوەشدا کۆمپانیای وا هەیە هەوڵدەدا شتێکی جیاواز بەرهەم بێنێ کە توانا و کارکردی زۆر نەبێ بەڵام ئەوەندەی هەیە جیاواز دەرکەوێ، وەك بەرهەمهێنانی مۆبایلی جۆری NichePhone-S کە بچووکە و سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە و تەنکە.

لە یەکەم تێڕوانیندا سەیر دەکەی ئامێرێکی ژمێریاری (حاسبە)یە، بەڵام لە راستیدا مۆبایلێکە وەك هەموو مۆبایلەکانی دیکە، ئەرك و کارکردنی مۆبایلەکە زۆر نییە، بۆ ئەوانە دەگونجێت کە نایانەوێ کاتەکانی خۆیان هەمیشە بە مۆبایل بەسەر بەرن، بەڵکو مۆبایلیان تەنیا بۆ پەیوەندی گرتن دەوێت. چونکە تەنیا دەکرێت بەو مۆبایلە وەڵامی مۆبایل و پەیامەکان بدەیەوە و گوێش لە مۆسیقا بگری، بەڵام سەیری فیلمی پێ ناکرێت.

مۆبایلی ناوبراو بەقەد بزنس کارتێك دەبێت، بەڵام رەنگە خاڵێك سەرنجتان رابکێشێت ئەویش ئەوەیە بە بەراورد بەمۆبایلەکانی دیکە و کارکردە کەمەکانی نرخەکەی گرانە. بۆ ئەو کەسەی کە نایەوێ کاتی بە فیڕۆ بڕوات رەنگە سوودی هەبێ.



# سامسۆنگ و ئەڵقە سمارتەکەی

لە فیلمە خەیاڵییەکاندا دەبینین بازنەیەك یان ئەنگوستیلەیەکی سیحری هەموو ئەرکێك ئەنجام دەدات، گەر سەیری زنجیرە فیلمی The Lord of the ring تان کردبێ، هەموو هەوڵێك بۆ بەدەستهێنانی ئەڵقە سیحرییەکانە.

لەم چەند ساڵەدا لە جیهانی دیجیتالیدا ئەڵقەی سمارت شوێنی ئەڵقەی سیحری گرتۆتەوە، ئەڵقەیەك کە زۆر کار ئەنجام دەدات. سامسۆنگ لەم ماوەیەدا ئەڵقەکەی خۆی خستەڕوو کە زۆربەی ئەرکەکان ئەنجام دەدات، وەك:

- کۆنترۆڵ کردنی گشت ئامێرە هۆشمەندەکانیماڵەوە.
- پەیام ناردن بۆ بەکارهێنەرانی.
- یارمەتیدان بۆ لەش رێکی.
- کاتێك لە پەنجەتدا بێ دەتوانی لەگەڵ ئامێرەکانی دیکە پەیوەندیت هەبێ.
- کۆنترۆڵ کردنی تەلەڤزیۆن، کردنەوەی ئاپەکانی سەر مۆبایل، زیادکردنی دەنگ لە ئامێرە دەنگییەکان، چاودێری کردنی سیستەمی چاودێری، رێکخستن گلۆپە هۆشمەندەکان، جا کەوایە بۆ پێینەگوترێ ئە نگو ستیلە ی سیحری!!





# کامێرای چاودێری بە مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێ

کامێرای چاودێرییەکان لە ریزی باشترین پاسەوانەکان دێن، بە وردی هەموو شتێك تۆمار دەکەن، لەکاتی رووداوێك، دزی و کارەساتێك باشترین یارمەتیدەرن، لەو کاتەوە کامێرا چاودێرییەکان پەرەیان سەندووە، تاوانباران زیاتر دەدۆزرێنەوە، کارەساتەکان وەك خۆیان دەبیندرێن.. کامێرای چاودێری قەبارە و توانایان جیاوازە. بۆ نموونە کامێرای چاودێری Ring Flood-ligh کە لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێ و هەروەها پەیوەندی بە سیستەمی ئەلیکساوە هەیە واتە وەڵامدانەوە بە دەنگی بەکارهێنەرەکەی.

کامێراکە لەگەڵ مۆبایل و تەبلێت و کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت، دەکرێت لە دوورەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی دێنە بەردەم کامێرا قسە بکەی و بیانبینی. ئەگەر جموجۆڵێکی گوماناوی دیترا ئاگاداری بەکارهێنەرەکەی دەکاتەوە.

بۆ دامەزراندنی پێویستی بە شارەزاییەکی ئەوتۆ نییە، لە ئاست کەشوهەوای نالەباریش وەك گژەبا و بارانیش خۆراگرە.

کامێراکە فول ئیچ دییە لەرۆژدا و لە شەویشدا لە سیستەمی سەرووی تیشکی سوور سوود وەردەگرێ. هەر لە خودی کامێراکەدا رووناکی برۆجکتۆری بەهێز هەیە. خاڵی هەرە گرنگی کامێراکە ئەوەیە چاودێری خۆشی دەکات، واتە ئەگەر یەکێك بیدزێت، لە رێگای کۆمپانیاکەوە یان خودی بەکارهێنەرەکەش لە رێگای ئینتەرنێتەوە شوێنەکەی دەدۆزێتەوە.

# هەم باتری و هەم شەحنکەرەوە

دابەزینی وزەی باتری مۆبایل، یەکێکە لەو کێشە و نیگەرانیانەی بۆ بەکارهێنەرانی مۆبایل دێتە پێش، جار هەیە لەکاتێکی زۆر هەستیاردا وزەی دادەبەزێت و کاتی ئەوەشت نییە شەحنی بکەیەوە، هەوڵدراوە ئەم کێشەیە لە رێگای پاوەر بانکەکان، یان باترییە کاتییەکان چارەسەر بکرێ. یەکێك لەم باترییە کاتییانە باتری یان شەحنکەرەوەی (BricksPower) کە هەم باتری مۆبایلە و هەم باتری ناو مۆبایلەکەش شەحن دەکاتەوە. ئەم ئامێرە وەك باس کرا لە دوو بەش پێکهاتووە یەکێکیان باترییەکی ٢٤٠٠ میلی ئەمپێرە و کە شوێنی باتری مۆبایلەکە دەگرتێەوە. ئەوەی تریشیان بەشێوەی وایەرلەیس وزە بۆ باتری مۆبایلەکە بەرێ دەکات. بەهۆی موگناتیسەوە بە پشت مۆبایلەکەوە دەنووسێت، چەندین رەنگی جیاوازیشی هەیە.





# وایەرلەیسە و خێرا شەحن دەکاتەوە

پاوەربانکەکان گەرچی لەسەرەتا زۆر گرنگیان پێنەدرا، بەڵام دواتر کە زاندرا چ ئەرکێکی گرنگ ئەنجام دەدەن بوونە جێگای سەرنج.. قەبارە و کارکرد و توانای پاوەربانکەکان جیاوازە، گەرچی هەموویان تایبەتن بە شەحنکردنەوە ئامێرەکانی وەك مۆبایل و تەبلێت و جاری واش هەیە لاپتۆپ و ..تاد.

کۆمپانیای موفی (mophie) پاوەربانکێکی بچووکی بەرهەم هێناوە کە هەم قەوارەی بچووکە و هەم خێراییە و بە وایەر و بێ وایەر شەحن دەکاتەوە. لە یەك کاتدا چوار ئامێر پێکەوە شەحن دەکاتەوە. باترییەکەی ١٠ هەزار میلی ئەمپێرە، لە تەکنەلۆژیای Qi سوود وەردەگرێ واتە خێرایی زۆر لە شەحنکردنەوەدا.

# بەرنامەیەکی بە سوودە بۆ دیزاینی لۆگۆ



بۆ دیزاین و نەخشەسازی لۆگۆیەك هەم پێویستتیت بە شارەزاییەکی زۆر هەیە لە پرۆگرامەکانی هاوشێوەی فۆتۆشۆپدا، هەم وەختێکی زۆریشی دەوێت و دوای ئەوە بیرلێکردنەوە لە خودی لۆگۆکەش ئەستەمە.. هیچ شتێکت بە خەیاڵ و زەیندا نایەت، نازانی بۆ لۆگۆی مەبەست چ دابنێی.. پرۆگرامگەلێکی تایبەت هەن بۆ ئەم مەبەستە، رەنگە پرۆگرامی EximiousSoft Logo Designer لە ریزی باشەکان بێت. پرۆگرامەکە سەدان لۆگۆی لە پێشدا ئامادە کراوی تێدایە ئەگەر سوودیشیان لێوەرنەگیری یارمەتیدەری بیرۆکەکەت دەبن. یان دەکرێت خودی لۆگۆکان دەستکاری بکەی. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە زۆر ئاسانە. لە زۆربەی فۆرماتەکانی وێنە پشتیوانی دەکات. دەکرێت بەهەر فۆرماتێکیش کە مەبەستتە خەزنی بکەی. ئەگەر بۆ تاقیکردنەوەش بێت جارێك تاقی بکەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی ئازیز دەپرسێت، هۆکاری چییە مۆبایلەکەم لە خۆڕا گەرم دادێت، جار هەیە ناتوانم دەستی لێبدەم ئەوەندە گەرمە؟**

خوێنەری بەڕێز هۆکار زۆرن بۆ گەرمداهاتنی مۆبایل، وەك ئەوەی کە بە شەحنکەرەوەیەکی عادی شەحنی بکەیەوە، یان ئەوەی چەندین پرۆگرامت پێکەوە کردووتەوە و لەکاتی شەحنکردنەوەدا هیچ کامت دانەخستووە، یان ئەوەی کە شاشەی مۆبایلەکەت بە کراوەیی هێشتۆتەوە و لەسەر ئۆتوماتیکت دانەناوە کە کاتی خۆی بکوژێتەوە، یان ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر تا شەحنی دابەزیوە سەیری فیلم یان یاری قورست پێکردووە، هۆکارێکی دیکەش رەنگە بوونی ڤایرۆس بێت. بەرزی و نزمی کردنی ڤۆڵتیەی کارەبا لەکاتی شەحندا ئەویش هۆکارێکە

# کاتژمێرێکی هۆشمەند و سیستەمی ئەندرۆید ٧

کاتژمێرە هۆشمەندەکان شوێنی خۆیان لە جیهانی دیجیتالیدا کردۆتەوە، هەرچەندە وەك مۆبایل گشتگیر نەبووە، بەڵام ئەگەر هەر بەو شێوەیە بڕواتە پێش رەنگە شوێنی مۆبایل بگرێتەوە.

گرنگی کاتژمێرە هۆشمەندەکان ئەوەیە کە زۆربەی ئەرکی مۆبایل ئەنجام دەدات و لە بەکارهێنەرەکەشی جیا نابێتەوە.

کۆمپانیایەکی چینی کە یەکێکە لە بەرهەمهێنەرانی کاتژمێری هۆشمەند لەم ماوەیەدا نوێترین کاتژمێری خۆی بەناوی LEMFO LEM7 خستە بازاڕ.

کاتژمێری ناوبراو دیزانێکی سەرنج راکێشی هەیە، بە بەراورد بە کاتژمێرە هۆشمەندەکانی وەك سامسۆنگ و ئەپل هەرزان بایە، سیستەمی بلوتوس و وای-فای و GPSی لەسەرە، میمۆرییەکەی ١٦ گیگابایتە، شاشەیەکی روونی هەیە. ناسینەوەی دەنگ و بە دواداگەڕان بەشێوەی دەنگی تێدایە. دژە بەرکەوتنە. لە بەرامبەر گەرمای زۆردا خۆراگرە، سیم کارتی جۆری G4 دەخوێنێتەوە. بۆ وەرزش و لەش رێکی یارمەتی بەکارهێنەرەکەی دەدات چونکە رێژەی کالۆری سووتانی کالۆری، پێوانی هەنگاوەکانی تێدایە. کەش و هەوای شوێنی بەکارهێنەر نیشان دەدات، سیستەمی ئەندرۆید ٧ی لەسەرە، دەکرێت پرۆگرامەکانی لە پلەی ستوری دابەزینی.









# زانیارییەکی بە سوود لەسەر میمۆری کارت



میمۆری ناو مۆبایل یان بە واتایەکی دیکە SD card لە مۆبایلدا گرنگی خۆی هەیە، ئەگەرچی خۆی ئامێرێکی لاوەکییە، بەڵام وەك بەشێکی گرنگی مۆبایل سەیر دەکرێت، میمۆری کارت بچووکترین ئامیری داکردنی داتاکانە، ئەوانەی بۆ مۆبایل دەگونجێت دەکرێت بڵێی گشتیان یەك قەوارەیان هەیە کە بە مایکرۆ میمۆری ناسراون.

هەتا قەوارەی میمۆری لەسەر تر بێ، داتای زیاتری لەسەر تۆمار دەکرێ و بەکارهێنەرەکەی نیگەرانی پڕ بوونی میمۆری نییە، ئێستاکە لە ٢ گیگابایتەوە هەیە هەتا ١٢٨ گیگا و هەرچەندە باس لە بەرهەمهێنانی باتری یەك ترابایت و دوو ترابایتیش دەکرێت.. هەوڵێك هەیە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا میمۆری ١٢٨ ترابایتیش بەرهەم بێت.

ئەگەرچی سایز و شێوەی میمۆری کارتەکان وەك یەکە، بەڵام جیاوازیان هەیە و بە چوار دەستە پۆلێن دەکرێن. ٢,٤,٨,١٠ ژمارە (١٠) خێراترینیانە و هی (٢)ش نزمترینیانە. مۆبایلە کۆنەکان لەگەڵ ژمارە (٢) دەگونجان. ژمارەکانی (٤) (٨)، بۆ زۆربەی مۆبایلەکان دەنگونجێن، بەڵام ژمارە (١٠) زۆر خێرایە و بۆ مۆبایلە بەهێزەکان دەگونجێت کە کوالیتی وێنەگرتنیان HD یا K4ە. دیارە لە ژمارە (١٠)ش خێراتر هەیە، بەڵام ئەوان هەم گرانبایین و هەم کەمتر بەکار دێن. لەسەر خودی میمۆری کارتەکە ژمارەی خۆی نووسراوە.



## ماڵپەڕێک بۆ هونەری خۆشنووسی

کۆمپیوتەر ئەگەر بۆ هەموو شتێك سوودی هەبێ، ڕەنگە زیانی بە هونەر گەیاندبێ، ئێستا لێدانی ئامێرەکانی مۆزیك، وێنەکێشانەوە، خۆشنووسی...تاد، بەبێ خۆماندووکردن و بە ئاسانترین شێوە بە کۆمپیوتەر دەکرێن، پێویستی بە هونەرمەند و لێزانی نییە، بەتایبەتی خۆشنووسی.. گەر حەز دەکەی جوانترین خەت بنووسی سەر لە سایتی http://nastaliqonline.ir/ بدە، سایتێك بە ئاسانترین شێوە، دەتوانی خەت خۆشی تێدا بنووسی، زۆربەی خەتە باوەکانی خۆش نووسی تێدایە وەك (نەستەعلیق، سولس، نەسخ، معلی...)، دەتوانی چوارچێوەی نووسینەکەت دیاری بکەی، سایزی خەتەکەت، ڕەنگی نووسینەکەت، هی باکگراوەندەکەی.. بە هەندێك وردبینییەوە بۆ فۆنتی کوردیش دەگونجێت و دەتوانی پیتە بزوێندارەکانیش بنووسی..



# ڕۆبۆتێکی بچووک بۆ چاکردنەوەی فڕۆکە

گەر سەیری ئەم ڕۆبۆتە بچووکە بکەن، دەڵێن ئەمە چ جیاوازییەکەی هەیە لەگەڵ ئامێری کایەی منداڵانە؟ بەڵام لەڕاستیدا ئەمە ڕۆبۆتێکە کە ئەرکی زۆر گەورە ئەنجام دەدات، وەك کاتێك فڕۆکە نیشتەوە، سەیری هەموو کون و کەلەبەرەکانی دەکات و شوێنە تێکچووەکان نیشان دەدات. چونکە خودی ڕۆبۆتەکە بچووکە لە هەموو کەلێنێکەوە دەچێت و بەهۆی هەستەوەرەکانی تێدایە، دەزانێت چ بەشێك تێکچووە.

سایزی ڕۆبۆتەکە تەنیا سەك سانتە، بۆیە لە هەموو شوێنێکەوە دەچێت و جێگای ئەو ڕۆبۆتانە دەگرێتەوە کە وەك سۆندە، یان شێوەی ماریان هەیە. هەرچەندە ڕای پسپۆڕانی ئەو بوارە ئەوەیە کە ئەم ڕۆبۆتە هێشتا گەورەیە و دەبێ ڕۆبۆتی بەقەد جاڵجاڵۆکەیەکی بچووك بەرهەم بێت بۆ ئەوەی ئاسانکاری زیاتر بکات.